# ئەگەر یەك بێ

محەمەد میسری

شەوە زەنگەو
خۆر، زیندانی.

بەتاوانی خۆشەویستی
شنەی بەیان خرایە بەند.
گوڵ برایە پشت پەنجەرە
قەفەس بۆ مەل دروستکراو فرین قاچاخ....

زستان هاتو سەهۆڵ بەندان هەموو رووباری داپۆشی
تا دارستان ئاو نەبینێو
سەوزەلانی باڵانەکا
تاخورەی ئاو، گۆرانی بۆ کوێستان نەڵێ.

کانیاو خنکا
تا مانگە شەو، عەکسی خوی تێدا نەبینیو

سەری لەبەر دانەهێنێ
دەریا گیرا
تا ماسییەکان ببنە دیلی ماسی گرو
تا بازرگان ببێتە خاوەنی دەریا.
لەو دنیا پێچەوانەیە
گەنم برسییەو کانیاو تینوو
ئینسان، کوێلە دەستکردی خۆیەتیو
ئازادیش تاوانبارێکە
لەدارتەلی قەراخ جادە، هەڵواسراوەو
ژیان دیلە.

ئای بۆ کەسێك ژیان لەدیلی رزگارکا!
کێ بوێرەو بەشەوە زەنگ، رێگا دەبڕی؟

تۆ دەتوانی!

تۆ دەتوانیو لەدەستت دێ
خۆر لەزیندان ئازاد بکەی
شەوی تاریك بکەیتە رۆژ
رووناکی لەجیهان بەشکەی
تۆ دەتوانیو بێجگە لەتۆ کەس ناتوانی
ئەگەر یەك بێ!

تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانیو لەدەستت دێ
خۆشەویستی بکەیتە یاسای سروشتو
شنە بکەیتە هەناسە بۆ گیانی گوڵ
گوڵ لەپشت پەنجەرە دەربێنیو
باخ بەدیداری شاد بکەی
قەفەس تیکدەی
فرین بۆ مەل ئازاد بکەی.
تۆ دەتوانیێ بێجگە لەتۆ کەس ناتوانێ.

تۆ دەتوانی !
تۆ دەتوانیو لەدەستت دێ
سەهۆڵ بەندان بکەیتە ئاو
تاکو رووبار بگەیەنی یە دارستان
تاهەمیشە گۆرانی بۆ کوێستان بڵێ
تا سەوزەڵانی تێر ئاو بێو باڵا بکا
تۆ دەتوانیو بێجگە لەتۆ کەس ناتوانی
ئەگەر یەك بێ!

تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانیو لەدەستت دێ
قەوزە لەسەر کانیاو لادەی
تا مانگە شەو، عەکسی خۆی تێدا ببێنیو
سەری لەبەر دابهێنێ.
تۆ دەتوانیو بێجگە لەتۆ کەس ناتوانی.
ئەگەر یەك بێ!

تۆ دەتوانی !
تۆ دەتوانیو لەدەستت دێ
لەدەریا تۆفان هەستێنی
هەموو ماسییەکان یاخی کەی
خاوەن دەریاو ماسی گریش
بخنکێنی.
تۆدەتوانیو بێجگە لەتۆ کەس ناتوانی
ئەگەر یەك بێ!
تۆ دەتوانی!
تۆ دەتوانیو لەدەستت دێ
ئەو دنیا پێچەوانەیە ژێرەو ژوورەکەی
تاکوو گەنم
برسی نەبێو برسی تێر کا
تاکوو کانیاو تینوو نەبێو
ئاوی زوڵاڵ، بەگەرووی تینوودا بکا
تاکو ئینسان.
کۆیلە نەبێو ئازادو بەرابەر بژی

تا ئازادی ئازاد بێتو
ژیان لەدیلی رزگاربێ.
تۆ دەتوانیو بێجگە لەتۆ کەس ناتوانی
ئەگەر یەك بێ!

ئەی ئەوەی کەهەرچی هەیە بەشیرەی گیان دەی
خولقێنیو
خۆت بێبەشی!
تۆ دەتوانیو لەدەستت دی
تینی ژیان، وەبەر گیانی مردوو بێنی !
تۆ دەتوانی گریان بکەی بەپێکەنین!
تۆ دەتوانی دارستان پڕ شکۆفە کەی!
تۆ دەتوانی بەهار بێنیو دنیا بکەیتە گوڵستان!
ئەگەر یەك بێ !
ئەگەر یەك بێ !

